تاهیر حەسەن

ئەوەی کە دەستەی ڕاسترەوی فەرمانڕەوای ئەمریکا لە عێراقدا ناوی هەڵبژاردنی لەسەر دانابوو قاوغێکی بێ ناوەڕۆك و سیناریۆیەك بوو, کە تەنیا دەتوانێ جێگای گاڵتەجاری هەموو ئینسانێکی مۆدێرن وهوشیاری دنیا بێت. لە ئیستیراتیژی تازە داهێنراوی ئەمریکادا, هەڵبژاردن تەنانەت بەمانا بۆرژاییە غەربیەکەشی کە جێگای نەفرەت وبێزاری خەڵکی غەربەو لەهەر دەورەیەکدا نیوەی بەشداربووان بەشداری تێدا ناکەن, شمولی خەڵکی شەرق ناکات. لێرە کاندیداکان ناوو دەموچاو و تاییە تمەندیان کەسبەینێ وەك هەڵبژێرداروی خەڵك قسە دەکەن, دیار نیە!. لێرە فەرزی دەنگەکان گرنگ نیە, چونکە بەر لەهەڵبژاردن نەتیجەکەی دیاری کراوەو ئەوەی کە پێی دەڵێن کورسیەکانی پەرلەمان پێشتر دابەشکراوە !. لێرە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئاشنابوونی خەڵك بە پلاتفۆرم وسیاسەتەکانی ئەحزابی سیاسی, کە چوونەتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کە وەك نۆرمێکی کلێشەیی تا ئێستای هەڵبژاردن لە دنیادا بەحساب دێت, پێویست نیە !, چونکە نە ئەو دەورو دوکانە کە ئەمریکا دیاریکردوون سیاسەت و پلاتفۆرمیان هەیە ونە قەراریشە دەنگەکانی خەڵکی بۆ ئەوە بێت!. ئەمە مژدەی پڕۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەیە کە قەرارە عێراق دەروازەی باهۆزە دیموکراسیەکەی بێت و ناوچەکە بگرێتەوە !!. نمایشی لەمە گاڵتەجارانەتر بەناوی هەڵبژاردن ودیموکراسیەوە, لەمێژووی کۆمەڵگای ئینسانیدا کەم وێنەیە!!.

لەئاکامی سیاسەتێکی بەتووندی دژی ئینسانیدا کە دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا بەسەر خەڵکی عێراقدا سەپاندی ودوای ئەفغانستان عێراقی کرد بە مەیدانی جەنگی جیهانی تیرۆریستی خۆی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا. ئێستا بەکردەوە عێراق بووەتە مەیدانی سێ بەرەی کۆنە پەرست. خوارووی عێراق بەدەست ئیسلامی شیعەی لایەنگر لە جمهوری ئیسلامیەوەیە, ناوەراستی عێراق بەکردەوە لەژێر کۆنترۆڵی ئیسلامی بن لادنیدا یە, کوردستانیش لە ژێردەسەلاتی ئەحزابی قەومیدایە. هەڵبژاردن ببێت یان نەبێت, ئەمە واقعیەتی سیاسی ئێستای عێراقە کە ئەمریکا خۆی خولقاندی وئێستا بەدەستیەوە گیری خواردووە.

بەلام بەرێوەچوونی ئەم سیناریۆیە سەرباری پووچی ناوەڕۆکەکەی لایەنێکی کاریگەری سیاسی وقانوونی نێو دەوڵەتی بۆ دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا هەیە وتەنیا هەر بەم هۆیەوەیە کە جەنابی بوش تەئکیدی لەسەر بەئەنجام گەیاندنی لەو کاتەدا کە بۆی دیاریکرابوو دەکردەوە .چونکە خودی سیناریۆی هەڵبژاردن وبەئەنجام گەیاندن یان نەگەیاندنی, ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت ودیاریکراویش بووبێت ,کرابووە سەنتێزی ململانێ وجەنگێك کە ئەمریکا ناوی لێ ناوە جەنگ لەدژی تیرۆر. هەردوو ئەم بەرەیە, چ ئەمریکاو چ ئیسلامی سیاسی بن لادنی هەوڵیاندا وەها نیشانی خەڵکی عێراق ودنیا بدەن, کەتەنیا دوو ڕێگا هەیە, یان ئەوەتا لەگەڵ سیناریۆی هەڵبژاردن بیت, یان ئەوەتا لە خانەی ئیسلامی سیاسی دایت. هەوڵی زۆر بەخەرج درا ڕێگای سێهەم ,واتە نەتیرۆریزمی ئەمریکاو دەستوپێوەندەکانی, نە تیرۆریزمی ئیسلامی, وەك ئەڵتەرناتیڤێکی ئینسانی بشارنەوە. دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا لە نێو زەلکاوی عێراقدا گیری خواردووەو بۆ ڕێگایەکی دەربازبوون دەگەڕێ, تا لەڕێگایەوە وەلامێك هەم بە خەڵکی نارازی ئەمریکا کە لە 70٪ یان بە جەنگ نارازی بوون بداتەوە, و هەم فشاری وولاتانی ئەوروپایی و رووسیاو چین کەلە بناغەدا ملهوڕی سەربازی ئەمریکا لە بەرامبەر ملکەچ پێکردنی ئەواندایە بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت بێ دەنگ بکات, بەوەی کە رابگەیەنێ لەدوای کردەوەیەکی سەربازی کە ئە نجومەنی ئاسایش ونەتەوەیەکگرتووەکان پێی نارازی بوون, ئەوەتا پرۆسیەکی دیموکراسی لە عێراقدا دەستی پێکردووەو خەڵکی حکومەتی خۆیان هەڵدەبژێرن. گرنکی سازدانی ئەم سیناریۆیە بۆ ئەمریکا زۆرتر قانوونی وسیاسیە و ئاستێکی نێو دەوڵەتی هەیەو هیچ پەیوەندیەکی بە ئاڵوگۆری باشتر لە ژیانی خەڵکی عێراقەوە نیە وبگرە خراپتریشی دەکات, بەلام دەنگی خەڵکی

پێویستە تا ڕووی ئەوەی هەبێت لە دنیادا ڕاییگەیەنێ و کەمتر وەك ملهوڕیە سەربازیەکەی دەربکەوێت. هەرچەندە ئەگەرتەنانەت لە 5٪ ی ئەو خەڵکەی کە لەو سیناریۆیەدا بەهەر دەلیلێك بەشداریان کرد ودەنگیان دا, بەشداریان بکردایە, دەسەڵاتدارانی ئەمریکا ئەو سیناریۆیەیان هەر بەڕێوە دەبرد. بەلام دیارە لەزەمینەیەکی زۆر لەمەی ئێستا نەگونجاو تر بۆ راگەیاندنی سەرکەوتنی سیاسی خۆی قەراری دەگرت و کاریگەریە سیاسیەکەی زۆر کول دەکرد. هەر بۆیە ئەو چەند سەد ملیۆنە دۆلارەی کە ووتیان بۆ سازدانی هەڵبژاردن دیاری کراوە , بەشی هەرە زۆری بۆ بەڕێخستنی گەورەترین تۆپخانەی ئیعلامی لەدنیادا سەرف کرا تا بەهەرقیمەتێکە خەڵکی وادار بکەن کە بەشداری تێدا بکات و زۆرترین پە نجەمۆری خەڵکی عێراق بخەنە سەرپڕۆژەکەی ئەمریکا. شیرا ك وشرۆدەر و پۆتین وچین و ژا پۆن بەڕواڵەت پیرۆزبایی بەناچاریان ڕەوانەی کۆشکی سپی کرد .

بەبڕوای من ئەو ڕادەیە لەبەشداری خەڵکی عێراق لە سیناریۆی هەڵبژاردندا, بەهیچ شێوەیەك تەعبیر نیە لە ئومێدەواری خەڵك بە دەسەڵات و پڕۆژەو دەستوپێوەند وسیاسەتەکانی ئەمریکا, نەك هەر تەعبیر نیە لە دەخاڵەت وبەشداری خەڵك لە سیاسیەت وچارەنووسی سیاسی خۆیاندا وەك ڕۆشنبیرانی ناسیونالیستی پرۆ ئەمریکایی بانگەشەی بۆ دەکەن, بەڵکو ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئیرادەو دەخاڵەتی خەڵکدا لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان وکۆمەڵگاکەیاندایە و تەنیا دەتوانێ تەعبیر بێت لە تاساندنی ئیرادەی خەڵك لەژێر بەرداشتی جەنگی دوو بەرەی تیرۆریستییدا, کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا خۆی بەدەستیەوە گیری خواردووە.

بەلام کاریگەری راگەیاندن ومیدیاکان بۆ شاردنەوەی هاوکێشە پایەیی ترەکان و بالآنسی هێزی تا ئێستا ناتوانێ عومری زۆر بێت. تۆزێك لەملای گەردەوولی راگەیاندن و ئەندازیارانی درۆهەڵبەستنی میداکانەوە . ئەو راستیەی کە بەرێوەچوونی سیناریۆی هەڵبژاردن شەرعیەتدان بوو بە جێگاو ڕێگاو مەیدانداری تیرۆریزمی ئیسلامی بەگشتی و ئیسلامی شیعەی لایەنگری جمهوری ئیسلامی, کەلەنێو بالآنسی هێزەکانی سیناریۆی رەش لە عێراقدا ژیانی نزیکەی نیوەی خەڵکی عێراقیان گرتووە, لەهەمووشت زەقترو ئاشکرا ترە.

بەبڕوای من ئەگەر کەسێك لەسەر ئەو باوەڕە بێت ,کە دوای سیناریۆی هەڵبژاردن, ئەم هێزانە وەك هەر ووڵاتێکی تری دنیا بە پێی دەنگەکانیان حکومەتێکی متمرکز بۆ ئایندەی عێراق( هەرحکومەتێك ) دادەمەزرێنن و پێکەوە دەسەڵاتدارەتی دەکەن لە عێراقداو هەر لایەنە هەوڵدەدات لە رێگای فراکسیۆنەکەیەوە لە پەرلەمانی عێراقدا سۆراغی بەرنامەو پڕۆژەکانی خۆی بکات و هاوکێشەکان بە دەنگدانی زۆرینەو کەمینە لەوێ دەبڕێتەوە, تەنیا ساویلکەیی ونامۆیی خۆی بەوەی کە ئێستا لەعێراقدا دەگوزەرێ بەیان دەکات. ئەم هێزانە, بەوانەوە کە تەواوی ئیستیراتیژی وئومێدیان بە نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکاوە گرێداوە , تا ئەوانەی کە تەواوی ئیستیراتیژی و فەلسەفەی بوونیان ومانەوەیان بە دژایەتی ئەمریکاو داگیرکاریەکەیەوە لە عێراقدا پێناسە کردووە , دەستەوتاقم وهێزێك نین لە ووڵاتێکدا کە مەسەلەی دەوڵەت تیایدا بڕاوە بێت وکۆمەڵگا لەسەر پێگەی خۆی راوەستابێت وهێزەکانی بەرەی ڕاستی کۆمەڵگا لە رێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە دەسەڵات دەست بە دەست پێ بکەن. لەعێراقدا خودی شکڵدانەوە بەدەوڵەت وناسنامەی دەوڵەت خاڵی رووبەرووبوونەوەی ئەو هێزە رەشانەیە کە سیاسەتی ئەمریکا هێناویەتنە ئاراوە.هەر لایەك بە ڕێگاچارەیەکی کۆنە پەرستانەو دژی ئینسانی دەیەوێ بەهێزێك کە لەدەستی دێت, وەلام بە بۆشایی مەسەلەی دەوڵەت بداتەوە. بۆ هەرلایەکیان مەسەلە مەسەلەی دەسەڵات وشکڵدانە بە دەسلآتی خۆیان لە ئایندەی عێراقدا. بۆئە نجامدانی ئەم کارە ئامادەن کۆمەڵگا بەتەواوی نابووت بکەن.ئەمانە تا ئێستا بە ناشەرعی ودانراوی ئەمریکا ناودەبران, لێرە بەدوا بە هەڵبژێردراوی خەڵك ناویان دەبەن وڕێگا بەخۆیان دەدەن هەمان ئەو کارانەی کردوویانە بەناوی خەڵکەوە بیکەن. ئەوەتا سیستانی هەر لەیەکەم ڕۆژەوە رایگەیاند کە دەبێ سەرچاوەی تەواوی قانوونەکانی حکومەتی ئایندەی عێراق, تەنیا دینی ئیسلام بێت, هاوکات هەڕەشە دەکات کە

ئەم ئەسڵە هیچ قابیلی موناقەشە نیەو بە پێچەوانەوە کۆمەڵگا بەرەو جێگایەك دەڕوات کە مەسئولیەتەکەی هەڵناگرین.

ئەم باندە ڕەشانە هەڵبژاردن بکرێت یان نا لەوکاتەوەی لە ژێر عەبای سیاسەتەکانی ئەمریکاوە هاتنە دەرەوە لەزیاتر لە سێ یەکی عێراقدا بەکردەوە خەریکە ئەو هەڕەشەیە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر سبەینێ لەدەوڵەتیشدا بن, کە بە پێی سیناریۆی هەڵبژاردن لە پێشەوەن, وەك هەڵبژێردراوی خەڵك وبەناوی خەڵکەوە میراتەکەی خومینی وخامەنەئی لە عێراقدا دووبارە دەکەنەوە.

ئەم باندە ڕەشانە هەر ئێستا کەمەریان بەستووە لەسەر بەشی خۆیان لە دەسەلآتدا ,کۆمەڵگا بخەنە مەترسیەکی لەمەی ئێستا زیاتر و ئەوەندەی تر غەرقی مەئسات وجەنگی تایەفەیی و دینی وقەومی و بکەن.

چەند ڕۆژ دوای سیناریۆی هەڵبژاردن ( دیك چینی ) جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ( فۆکس نیوز), بە پێچەوانەی درۆودەلەسەکانی قەومی ودینیەوە, رایگەیاند: هێزەکانی ئەمریکا تا بەئەنجام گەیاندنی یەکجاری ئەرکەکانیان خاکی عێراق بەجێ ناهێڵن !!.

سپاردنی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ ئایندەیەکی نادیار, سپاردنی کۆتایی هێنان بە سناریۆی رەشی ژیانی ئێستای خەڵکی عێراقە بۆ ئایندەیەکی نادیار, ئەمە ئەگەر بەرەی ئینسانیەت و یەکسانیخوازی کۆمەڵگای عێراق بە پشتیوانی ئازادیخوازانی دنیا هێزەکانی ئەمریکا ناچار بەچوونە دەرەوە لە عێراق نەکەن. بەوهۆیەوە کە ئەمریکا خۆی لایەنێکی ئەسڵی سیناریۆی رەش و مەئساتی خەڵکی عێراقە, بۆیە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ ئاسایی کردنەوەی کۆمەڵگاو خستنەوەی کۆمەڵگا بۆ سەر پێی خۆی , بەناچار لە خاڵی چوونەدەرەوەی فەوری هێزەکانی ئەمریکاوە دەست پێ دەکات. مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وەك دیك چینی رایگەیاند یەعنی بەرهەمهێناوەی ئیستیراتیژی ئیسلامی سیاسی بن لادنی و جێگا پێ قایمکردنی هەرچی زیاتری ئیسلامی شیعەو جمهوری ئیسلامی لەعێراقدا. هەڕەشەکانی جۆرج بوش لە ئێران و ئەگەری وەشاندنی چەند مووشەکێکی ئەحمەقانە لە دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران, کە بۆ ئیدارەی فەرمانڕەوای ئێستای ئەمریکا بەدوور نازانرێ. ئیسلامی سیاسی ئەوەندەی تر هەوسار دەپچڕێنێ وناوچەکە بەیەکجاری دەسووتێ.

تیرۆریزمی ئیسلامی چارەنووسی مانەوەی بە مانەوەو قوولبوونەوەی سیناریۆی ئەسەفباری ژیانی ئێستای خەڵکەوە گرێداوە. ئەم دوومەلآنەی ئێستای جەستەی کۆمەڵگەی عێراق, بەرهەم وئاکامی سیلآوێکن کە سیاسەتی ئەمریکا خۆی لە عێراقدا ڕشتوویەتی, هێزی سیناریۆی رەش ناتوانێ سیناریۆی سپی بهێنێ وقازانجیشی لە هاتنیدا نیە. بۆیە من پێم وایە سیناریۆی هەڵبژاردن نەك هەر کۆمەکێك لە راستای خاوکردنەوەی کێشمەکێش وململانێی ئەو هێزانەدا ناکات وناتوانێ دەوڵەتێکی متمرکز پێك بهێنێ, بەڵکو کێشمەکێشی لێرە بەدوایان هەرچی قووتبی ترو توونـد تر ئەکاتەوەو دەورەیەکی تازە لە بەرامبەرکێیان دەست پێدەکات وئەوەندەی تر کۆمەڵگا غەرقی گۆماوی خوێن دەکەن, ئەگەر بەرەی ئازادیخواز و پێشکەوتووخوازی کۆمەڵگا فریای کۆمەڵگا نەکەوێت وبە هاتنەمەیدانی جەماوەری فراوانیان وکۆبوونەوەیان لەدەوری رێکخراوی جەماوەری بەرگری لە مەدەنیەتی عێراق کۆنەبنەوە. ئەوە تەنیا تروسکاییەکە کە ئێمە بەتەواوی توانامانەوە هەوڵدەدەین هەرچی گەشتری بکەین وکۆمەڵگا لەدەستی تیرۆریزمی ئیسلامی وتیرۆریزمی ئەمریکا رزگار بکەین.

2005 / 2 / 7